# بۆئەوەی مینۆمێنتەکان نەسووتێن!

بەشدار علی
Bashdar_net@yahoo.com

چی بکەن بۆئەوەی مینۆمێنتەکان نەسووتێن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای بەرپرسە فرەژنە جام رەشە سمێڵ رەشە بۆینباغ لەبەرەکان ئاسانە و ماندوبوونێکی زۆری ناوێت و هەر لە ئێستاوە بەرنامەیەکی تۆکمەیان بۆداناوە کە بریتییە لە دروست کردنی جەوێکی تۆقێنەر لەناوشاری هەڵەبجەو زیادکردنی ریزێك لەچەك بەدەست و گرتن و زیندانی کردن لە هەر حاڵەتێکی دیکەدا, بەڵام ئەم هەم ناتوانێ وەڵامێکی قانع کەربێت بۆ کەسێك کە لە بنچینەوە بۆ کێشەکان بروانێت, لەلایەکی دیکەوە تەنها ئەم بەرنامەیە بۆکاتێکی دیاریکراوو ناوچەیەکی دیاریکراو دەست دەدات, چونکە نارەزایەتی خەڵکی کوردستان ئێستا وەکو ئاگری ژێر خۆڵەمێشە لەهەر شوێن و کاتێك کپی کەیتەوە لە شوێن و وەرزێکی دیکە بەهەمان گەرووی پێشترەوە بە کۆمەڵێك خواست و داوای ترەوە هەڵدەگیرسێتەوە, خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی توێژە جیاجیاکانی خەڵکی کوردستان لە دوو ساڵی رابردوو لەناوچە جیا جیاکانی کوردستان و سەرکوت کردنی, گەواهیدەری ئەم رستانەی سەرەوەن. ئێمە لێرەدا مینۆمێنتی هەڵەبجەو سوتاندنی لە ساڵی پار وەکو نموونە هێناومانەتەوە, ئەگەرنا لە پرتەوبۆڵەی ناوپاس و تەکسی وبازارەکان و قوتابخانەکان بێ ئومێدییەکی قووڵ لەناخی خەڵکیدا بەدیدەکەیت و بڕوای بەهیچ شتێك نەماوە.

بەبڕوای من ژیانی خەڵك ئاوا گوزەر بکات و ئاستی خزمەتگوزارییەکان بەم شێوەیە لەژێر سفردا بێت و ژیانی کەمینەیەکیش لە لوتکەدا بێت, سەرجەم دامودەزگاکانی حزب و حکومەت و پرۆژە تایبەتیەکان بەدەردی مینۆمێنتەکەی هەڵەبجە دەچن, چونکە ئێستا خەڵك هەست دەکەن کە ئەم دامودەزگاکانیان تۆزقاڵێك خزمەت بەژیان و گوزەرانی ئەوان ناکات بەڵکو بەپێچەوانەوە دەزگایەکن بۆ بە فیرۆدانی سەروەت و سامانی خەڵك و ئیمتیازاتی زیاتر بۆ چەند کەسانێك.

های سیتی و دریم ستی و پالاس و شیراتۆنەکانیان ناتوانێ سگی منداڵێکی برسی باداوەو سەیداوە.... تێربکات, نابێتە جێژوانێك بۆ کچ و کوڕە دڵ شکاوەکان, خێزانە دەرکراوەکانی دەستی (زێدەڕۆیی و کرێچییەکان) ناتوانن شەوێك لەم شوێنانە بخەون.

ئاخر من چوار بینایەی هەزار مەتری و چوار نهۆمی وەزارەتی شارەوانیم بۆچیە کەدوای 16 ساڵ لە هەولێر سەد مەتری جادەی بێ تاسەو کەندم نەبێت؟! من چی لە چوار بەرێوەبەرایەتی وەزارەتی ژینگە بکەم ئەگەر شەقامەکەم پڕی بێت لە قوتی بیرە ؟! ئاخر من دوانزدە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەم بۆ چییە کە نەتوانن کۆتایی بە سیستەمی دارزیوی پەروەردەو پۆلی شەست قوتابی بێنن؟!

من چی لە وەزارەتی کارەبا بکەم کە لە 24 کاتژمێر 24 دەقیقە کارەبام هەبێت؟! من چی لە وەزارەتی تەندروستی بکەم کە نەخۆشخانەکان تەنها حەبی ژانەسەری ئێکسپایەری تیادا دەست دەکەوێت, ئاخر چی لە وەزارەتی ئاووئاوەرۆکان بکەین هەر لەگەڵ بارینی سەد دڵۆپ باران شەقامەکان بەکەڵکی مەلەکردن دێن؟!....

خەڵکی هەڵەبجە بۆیە مینۆمێنتەکەیان سوتاند, چونکە هەڵەبجەو کەلاوەکانی خۆی لە خۆیدا مینۆمێنتەو دەستکاری نەکراوەو هەرکەسێك دەیەوێت با سەردانی رێگاوبان و خانوو و قوتابخانەکانی بکات هەروەکو ساڵی (1988)ە مینۆمێنت بۆ شوێن و رووداوێکە کە لە گۆڕاندا بێت بۆئەوەی لە بیرو هزری خەڵك کاڵ نەبێتەوە, چونکە ئەوان هیوایان بەشەوێکی رووناکی بەردەم گڵۆپی فیستێڵ دەخواست و دامودەزگاو ماڵە بەرپرسەکان و مینۆمێنتەکەش بریسکەی گڵۆپەکانیان سەدان مەتر دەبریسکایەوە, ئەوان وتیان ئیتر بەسەر لەسەر قوربانی و کۆمەڵ کوژی ئێمە بەرپرسەکان ساڵانە کۆشکەکانیان بەرزبکەنەوەو تەنها لەیەك رۆژدا فرمێسکی درۆینەمان بۆ هەڵرێژن و بەهەموو شێوەیەك بکەونە گیان و خوێنمان بمژن, بەڵام بەداخەوە لەبەرامبەر هەڵوێستی نارەزایەتیان لە رۆژی کیمیاباران کردنیان درانە بەر رێژنەی گوللە.

وابزانم بۆ هیچ کەسێك خۆش نیە شەقامەکان ببێتە شوێن و هەمیشە نارەزایەتی دەربڕێ, بەڵام کاتێك دەبینین نایەکسانیەکان, ماڵوێرانیەکان و ئێش و ئازارو ناخۆشیەکان تا ئاستێکی قێزەوەنە, بۆیە ئینسان ناتوانێ دەنگ هەڵ نەبڕێ.

**بۆئەوەی مینۆمێنتەکان نەسوتێن پێویستە حکومەت و وەزارەتەکان و سەرجەم دامودەزگاکان بەخۆیاندا بچنەوەو حیسابێك بۆ خەڵك بکەن کە تەمەنێکە لەماندویەتی دەژین و هەناسەیەکی سافیان هەڵنەمژیوەو پشوویەکیان نەداوە.**